تاراوگه
TARAWGA
سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam Holland
بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەرئەچێت
27 Juli. 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ساڵی یەکەم 27 تەموزی 2018 ژمارە 5

# نوسەری کوردی باکور کاوە نەمر بڕیاری دا، نوسینەکانی لە ئەمستردامەوە بڵاویکاتەوە..!



دەزگای ئەدەبی ئەمستردام فاوندەیشن، پاش گەیشتنی شاعیرو وەرگێڕی کورد، کاوە نەمر لە تورکیاوە بۆ هۆڵەندا بواری پێدا، لەم وڵاتە هەناسەی ئازادی هەڵمژێ و بەرهەمە ئەدەبیەکانی لەوێوە بڵاوبکاتەوە.

پاش ئەوەی ئەم نوسەرە کوردە چالاکە، لە ژێر فشاریکی زۆری سیاسیدا توانی لە وڵاتەی خۆی هەڵبێت، بوو بەیەکێک لەو نوسەرانەی بتوانێ پڕۆژەی (شاری ژێرزەمین)ی دامەزرێنێ.

کاوە نەمر لەو کەسانە نییە، پشوو بدات، ئەو لەوکاتەوەی چوارمانگە گەیشتۆتە ئەمستردام، لێبڕاوانە کاردەکات.

لە یەکێک لە قاوەخانەکانی، کە بە تەنیشت کەناڵەئاوییە مێژووییەکانی ئەمستردامەوە بوو، گوتی: (من لەگەڵ پرۆژە ئەدەبیەکانمدا وەک شەڕی پارتیزانی کار دەکەم)، لێبڕاوانە کار ئەکەم و هەرگیز کۆڵ نادەم.

زۆر کاری گرنگ چاوڕێمان دەکات وەک: بڵاوکردنەوەی سەدەها کتێب بە زمانی کوردی، چ کلاسیکی کوردی بێت یان لە زمانەکانی دیکەوە وەرنگێڕا بێت.

دوای ئەوەی بڵاوکردنەوە بەزمانی کوردی لە تورکیادا بوو بوو بە خەون، کاوە نەمر ئەمستردامی کرد بە ناوەندێکی کلتوری و ئەدەبی بە زمانی کوردی. ئەو کاتانەی لەگەڵ کاوە نەمردا وەک میوانێک گفتوگۆ دەکەیت، وادەزانی خۆی خاوەنماڵە.

لە کتێبخانەیەکی عەرەبی لە ئەمستردام، کە کۆڕێکی ئەدەبی بۆ نوسەران و شاعیران و وەرگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێدا سازکرابوو، ئەوان بە هۆی جەنگی سوریاوە، گەیشتبوونە هۆڵەندا.

کاوە باسی ئەوەی کرد لەم کاتەدا، خەریکە کتێبێکی کلاسیکي (جیمس یولیسیس) وەردەگێڕێ و لە تەواو بوونیدایە. لەو کاتەدا لەسەر شانۆکە لەگەڵ وەرگێڕی هۆڵەندی کارەکانی جویسدا خەریکی لێدوان بوون لەسەر قورسی وەرگێڕانەکە، لەگەڵ ئەوەشدا بزەی خۆشی وەرگێڕانی جویس لەسەر لێویان بوو.

سەبارەت بە کاری وەرگێڕان کاوە باسی ئەوەی کرد، ئەو یەکسەر ڕاستەوخۆ دەستی بە وەگێڕانی ئۆلیسیس کرد، لە کاتێکدا لە ململانێدا بوو لەگەڵ زمانی دایکیدا، کە زاراوەی کوردیی کورمانجی لە کتێبخانەکاندا تازە بوو، پێش بیست ساڵ کە دەستی بە وەرگێڕان کرد، خوێنەران ئاگاداریان کرد ئەمە جۆرێکی تایبەتە لە فێربوونی زمان لە تورکیادا، چونکە ئەو (زمانی کوردی بە ئاشکرا قەدەغە بوو، منداڵان نەیاندەتوانی لە قوتابخانە فێری ببن).

وەک کاوە خۆی دەڵێ: یەکەم مامۆستای کورمانجی باوکم بوو، کە بووشم بە وەرگێڕ یارمەتی دەدام بۆ دۆزینەوەی وشەی گونجاو و زمان و دەستەواژەی ڕاست و باو.

کاوە زیاتر لە 100 کتێبی وەرگێڕاوە و تا ئێستا 28 یانی بڵاوکردۆتەوە، لە نێوانیاندا، چەند کارێکی شەکسپیر و چەندان کاری کلاسیکی جیهانی، ئەوەی سەرنج ڕادەکێشی ئەوەی کاوە وەریاندەگێڕێ، لەو کارە چاوەڕوانکراوانە نییە، کە خوێنەر بەدوایاندا دەگەڕێت.

ئەو لەڕێی وەرگێڕانەکانیەوە وشە و دەستەواژەی کوردی نوێ دەهێنێتە ئاراوە، بۆ فراوانکردنی زمانی کوردی. بڕوانە ل 2

هەر جارەی جوامێرێک

## دکتۆر محەمەد کەمال



لە ساڵی 1955 لەدایکبووە و ساڵی 1977 پەیمانگای مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە. لەحەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی، بەناراستەوخۆ گروپی وجودییەکانیان دامەزراندووە و هەر لەو کاتەدا چەند کۆڕێکی گرتووە. پێش ڕۆشتنی بۆ دەرەوەی وڵات، بەشێک لە کتێبی "کێشەی بوون لەمێژووی فەلسەفەدا"ی نووسیوە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی جیاوازەوە لەکاتی خۆیدا چاپنەکراوە. لەساڵی 1979 بەمەبەستی خوێندن چووەتە پاکستان و پاش تەواوکردنی بەکالۆریۆس و ماستەر بەپلەیەکی بەرز، لە زانکۆی کەراچی لەپاکستان بووەتە مامۆستا. لەساڵی 1988 دکتۆرای لەسەر هیگڵ بەدەستهێناوە. ساڵی 1992 پۆست دکتۆرای لە ئەڵمانیا بەناونیشانی "من و ئەوی دیکە لەلای دیکارت و هیگڵ و هایدیگەر" تەواو کردووە. لەساڵی 1994ەوە لە ئوستراليا دەژی و لەساڵی 1998ەوە تائێستا، لە زانکۆی مالبۆرن وەک وانەبێژی پێشکەوتوو، وانە دەڵێتەوە و سەرپەرشتیی چەندان نامەی ماستەر و دکتۆرای کردووە. بەزمانی کوردی خاوەنی چەندان کتێبە، لەوانە: *ئۆنتۆلۆجیی بنەرەتی و بوونی مرۆڤ.

*کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا.
*فەلسەفەی سارتەر و خوێندنەوەیەکی نوێ.
*نێهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە.
*بوون و داهێنان. *نیتشە و پاش تازەگەری.
*هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی.
*فەلسەفەی ئەفلاتون. *فینۆمینۆلۆجی.
*فەلسەفەی بوون. *لۆجیکی هیگڵ.
*میتافیزیکی ئەرستۆ. *فەلسەفەی هونەر.

هەروەها ئەم کتێبانەشی لەئینگلیزییەوە کردووە بەکوردی:

*گفتوگۆیەک لەگەڵ هایدیگەردا.
*میتافیزیک، نووسینی: ئەرستۆ.
*کۆمار، نووسینی: ئەفلاتون.
*کاتیگۆرییەکان، نووسینی: ئەرستۆ.
*شیعر، نووسینی: ئەرستۆ.
*بوون و نەبوون، نووسینی: سارتەر.
*بوون و کات، نووسینی: هایدیگەر.
*فۆنۆمینۆلۆجیی هۆش، نووسینی: هیگڵ.

هەروەها چەند کتێبێکی بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە. لە فیسبوکی (چێنەر نزار)ەوە:
https://www.facebook.com/photo.php?fbid=230542684434667&set=a.105862130236057.1073741827.100024368106715&type=3&theat

# کاوە نەمر گەلێک لە شاکارە جیهانیەکان وەرگێڕاوە بۆسەر زمانی کوردی زاری کرمانجی سەروو

ئەو یەکەمجار لەسەر کاغەز بۆ بونیادی ڕستە، گەلێک وشە دەستەواژە بە زمانی کوردی ئامادە دەکات، ئەوەش گرنگە بۆ پاراستنی زمان.

ئەو دەڵی بێگومان کورد پێویستی بە خوێندنێکی گونجاو هەیە لە قوتابخانەکانی تورکیادا، بەڵام ئێمە ناتوانین چاوەڕێ بکەین، چونکە ئێمە بەرپرسیارێتیەکمان لە ئەستۆیە دەبێ بە ئەنجامی بگەیەنین.

هەروەها دەڵی وەرگێڕانی جیمس جویس و شەکسپیر ئاسان نییە، بەڵام من ئەم کارە دەکەم، چونکە دەمەوێ ئەوی لەبەردەستمدایە و دەیزانم لە زمانی دایک بیخەمەڕوو.

کاوە نەمر ساڵی ١٩٧٤ لە خانەوادەیەکی زەنگیندا لە هەرێمی ئایدری ڕۆژهەڵاتدا لە دایک بووە، هەر کە منداڵبووە لەگەڵ خانەوادەکەیدا، کۆچیان کردووە بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێ خوێندویەتی، پێش 15 ساڵ بڕوانامەی لە ئەدەبی ئینگلیزیدا بەدەستهێناوە، پاشان چۆتە دیاربەکر، گەورەترین هەرێمی کوردی لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا.

لەبەر ئەوەی ئەو کاتە، گرفتێکی کەمی سیاسی لە ڕێی بڵاوکردنەوەدا، هەبوو بە زمانی کوردی، کاوە نەمر و چەند هاوڕێیەکی کەمی دەزگایەکی بڵاوکردنەوەیان بە ناوی Lîs دامەزراند، بە ئامانجی دووبارە چاپکردنەوەی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی، کە پێشتر لە لایەن هەندێکەوە تەنها دەتوانرا بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوە دەربکەن لە زمانەکانی دیکەی دنیاوە ئەدەبیاتی کلاسیکی جیهانی وەربگێڕن.

هاوشانی دوو دەزگای دیکەی بڵاوکردنەوە (ئاڤێستا)، کە زیاتر جەختی لەسەر چاپکردنەوەی کتێبە کوردییە کۆن و ڕەسەنەکان دەکردەوە، هەروەها دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئارام)، بۆ بڵاوکردنەوە، بەرهەمی زیندانیانی سیاسی کورد و خەنگاوەرەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، بەوە بازاڕی کتێبی کوردی گەشەی کرد، تەنها لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا چاپکراوەکان نەدەفرۆشرا، بەڵکو لە ئەنقەرە و ئەستەمبوڵ و ئەدەنە و ئەزمیر و شوێنەکانی دیکە دەفرۆشرا.


یەکێک لە پرۆژە سەرکەوتووەکانی کاوە نەمر، وەرگێڕانی، هاملێت بوو، کە لەسەر شانۆ نمایشکرا، لە لایەن تیپی شانۆگەری (ڕاست)ی هۆڵەندی و شانۆی دیاربەکر لە نێوان ساڵانی 2012 و 2013 وە.

ئەم گروپە لە چەندین مانگێکدا، بە ناو کوردستان و تورکیا و ئەورووپادا گەشتیان کرد و زیاتر جار ئەم شانۆگەرییەیان 120 نمایش کرد.

بەڵام لە پایزی ساڵی 2015 وە، بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی کوردیی وەستا، لە زۆربەی شارەکانی باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، جەنگ لە نێوان سوپای تورکیا و YPS دەستی پێکرد و گروپێکی چەکدار لە لاوانی سەربە پارتی کرێکاران کوردستان، کە گروپێکی مارکسی–لینینین و لە ساڵی 1978 وە، دژی کۆماری تورکیا دەجەنگن، لەبەر زەوتکردنی مافی ڕەوای گەلی کوردستان لەو وڵاتەدا. ئەو جەنگە هەتا بەهاری ساڵی 2016 بەردەوام بوو. کاریگەرییەکی گەورە و خراپی لەسەر شاری دیاربەکر هەبوو . بڕوانە ل 7

تاراوگە بڵاوکراوەیەکە
دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بلاوئەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بلاوئەکرێتەوە.

# یاداشتە پەراگەندەکان



سەردار مەحمو

٢ –ئەسینا... گۆشت و گۆشتاو...

لە ڕۆژەکانی هەوەڵەوە کە گەیشتینە ئەسینا، وتیان دەتوانن بچن بۆ کەمپی پەندەلی، لەوێ جل و بەرگ و خێمە و خۆراک هەیە، هەر چەند کەس و لە خێمەیەکدا دەخەون.

بەڵام لە ساحەی ئیشی کرێکارانەوە (دا فنی) دورەو قەرەباڵغیشە ، .

من ژنیک و مناڵێکم جێهێشتبوو، هیچکەسم لەو دونیایەدا نەبوو کە بەتەما بم پارەم بۆ بنێرێت، دەبوو هەرچۆن هەیە ئیشێک بدۆزمەوەو بە پارەکەی بەرەو یەکێک لەو ولاتانە بڕۆم کە جێگای مەبەستی پاشەڕۆژم بوو.

بۆیە ئەو ڕۆژانەی کە ئیشمان نەدەکرد یان بۆ کاتی پشودان و نان خواردن زۆربەی کوردەکان و بەشێک لە لانەوازی میلەتانی تریش لە (پارکی فڕنەکان)* کۆدەبوینەوە، بۆ جیرەی وەگرتنی ئەو نان و خۆراکانەی کە خێرخوازە ئەسینیەکان دەیانهێناو لەوێ ڕیزیان پی دەبەستین و بە خۆڕایی دەیاندایینێ...

شەوانیش لە ساحەکەی بەرامبەر مەرکەزی پۆلیسی سەنتەری ئەسینا – لە ئامۆنیا – لەسەر کارتۆن دەنوستین و بەتانیە شرێکمان دەدا بەخۆماندا و جانتا و کۆڵەپشتەکانمان سەرین بوو .

کابرایەکی پیر پەیدا بوو بوو، ڕۆژانە کوڕیکی گەنجی لەگەڵ بوو، بە بازاڕو ناو مالانی ئەو شارەدا دەگەڕا و سوالی بۆ ئەو خەڵکە دەکرد و ئێوارەی لێ دەهات بە خۆی و چەند گوێنییەک خۆراکەوە سەروسەکوتی پەیدا دەبوو ، ڕیزی پێ دەبەستین و خۆراکی پێ دەداین . شیرکۆی عیزەت ئەم پیاوەی ناونابوو(خدری زیندە) . ئەو هەر بەڕاستی خدر ی زیندە بوو، چونکە نەماندەزانی چۆن ون دەبوو، چۆنیش پەیدا دەبویەوە .بەلام پێش ئەم باسانە چەند جارێک لە دوو کڵێسا – دوو ژەمە خۆراکی گەرم، ئامادە دەکرا و سەدانکەس لەوێ نانمان دەخوارد .

بیرمە یەکەمین ئێوارە کە خواردنیان دانا لەسەمێزەکەی ئێمە کە چەند کەسی لێ بوو، مقۆ مقۆی ئەوە پەیدا بوو کە ئەم گۆشتە، گۆشتی بەرازە...

لێتان ناشارمەوە، من بۆ خۆم قەت ئیشم بەو پرسیارانە نەبووە و نی یە و فەزڵی خانەخوێی میواندۆست، ڕێگای ئەوەم لێ دەگرێت بێ نەزاکەتی وا بنوێنم.

+ هۆ خاوەنماڵ چت بۆ لێناوم ؟!

پاشان ئەوەشم بەبەخی نیعمەتی خوداوەند دەزانی و گەلێکم پێ کفر بوو، ڕزقێک خوداوەند لە جارەی نوسیبووم پیتکەی لێ بێنم.

پاشان خۆنەهاتوون بە شوێنماندا، تۆ بۆ ئەچیتە ئەو ماڵەی گومانت لە میواندۆستی و خانەخوێی هەیە ؟!

گوتم: من بزانم بەراز نی یە و خواردنی حەڵالە، خۆ ئەگەر واش نەبێ مادام خۆیان پێیان گوتوون حەڵالە، واتا حەلالە و هەر گوناهێک هەبێت لە ئەستۆی خاوەن ماڵدایە !

من زۆرم گووت و بەڵام ئەوان نەیانبیست و گوتیان :

+ بۆ، تۆ دەیخۆیت ؟

گوتم: تەبعەن... خوا هەڵناگرێت و بوختان باش نیە، ئەو برادەرە حەڵاڵخۆرانە، هەموو گرتکە گۆشتی قۆزی ئاسایان خستە بەردەمی من و لەبەر کۆما گۆشتی ناسک و بەلەزەت، نەمدەپەرژایە سەر برنج و شلە.

ئەوانیش بزەیان بۆیەکتر دەسەندەوە و بەزەییان بە ئەقڵی نوقسانی مندا دەهاتەوە، کە چۆن ئەو بەهەشتە خۆشەم بە دوو پل گۆشت لە دەستی خۆم دەرکردووە!

منیش قسەم نەدەکرد، تا مڕ دەبووم لە گۆشت خواردن، ئەوسا دەمگووت: گەلی برادەران، دەی خۆ ئێوە گۆشتەکە ناخۆن، گۆشتاوەکە حەرامترە!

دەیانگووت: وەڵا خۆ ڕاست دەکەیت.

ئەوسا هەموو بڕیاریان دەدا، لەمەولا، یا گۆشتەکەش دەخۆن، یان گۆشتاوەکەش ناخۆن! بەڵام تەرکی عادەت نەخۆشی یەو بازدان بەسەر کەڵچەردا پاڵەوانی خۆی دەوێت... بۆیە من ئەمە زۆر نابەستم بە ئاینەوە، چونکە زۆربەی زۆری ئەو برادەرانە، نە چاوەڕوانی شەرابەن تەهورایان کرد و نە وەفایان بۆ ژنە جێماوەکانیان و حۆریەکانی بەهەشتی مەوعودیش هەبوو... هەر ئەوەندەی تۆزێک چاو و گوێمان دڕیەوە، گەلێکمان** دەستمان بە مەینۆشی کرد و تەوافی گڵۆپە سورەکانی ئەسینامان کرد و چووینە حوزوری ئەو کیژە ڕووسی و ئۆکرانی و وڵاتانی تری ئەوروپای ڕۆژهەڵات.

کە ئەگەر لەشفرۆشی لێ بترازێت، بێزیان نەدەهات تۆقەش لەگەڵ ئەو سەرو بیچمانەی ئەودەمی ئەو خەڵکە لانەوازەدا بکەن...

.

.

.

* پارکی فڕنەکان – پارکێک بوو، کوردەکان وایان پێ دەگوت، ئەوە دەبێت لە باسێکی سەربەخۆدا، باسی بکرێت.

** خوێنەری خۆشەویست، من بۆیە کۆتایی باسەکەم بە ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆ (کردمان، بردمان، خواردمان) باسکردوە، تا نەڵێن: تۆش خۆتمان لێ مەکە بە ئیمامی ڕەبانی. خوشک و برایانی خۆشەویست، من ئامانجم هەیە لە گێڕانەوەی ئەم باسانەدا، نەک هیچ بابەتێکی تانە و تەشەر.

# زانایانی کورد لە چاوی بێگانەوە
# قەدری زێڕ لای زەڕەنگەرە

کە ئەم نوسینەی مامۆستای زانکۆ و دۆستی دڵسۆزی گەلی کورد، ئەکادیمی (دکتۆر کازم حبیب)م خوێندەوە، بەڕاستی شەرم دایگرتم، ئێمە کەسانی ئەکادیمی و نوسەر و زانای وەک (دکتۆر فریاد فازیل عومەر)مان هەیە، کەچی کارە ئەکادیمی و بەرهەمە ناوازەکانی نابینین. بەداخەوە هێندە خۆخۆر و بەرچاوتەنگین، چۆن لە سیاسەتدا بووین بە ئاردی ناوڕک و هەر یەکەمان لە ئاوازێک دەخوێنین، بوارەکەی ئەدەب و هونەر و کلتوور و زانکۆکانیشمان، بە هەمان شێوە، بەو دەردە بردووە. نامەوێ لێرەدا درێژە بەم قسانەم بدەم، دڵ و چاوم ڕوون بووەوە، کە ئەم هەڵسەنگاندنە پڕمانایەی دکتۆر کازم حەبیبم خوێندەوە، هیچم بۆ نەمایەوە، لەبەرخۆمەوە تەنها ئەوەم بەخۆم گوت: (قەدری زێڕ لای زەڕەنگەرە)، بەندە لەمێژە ناوی فریاد فازیل زەنگەنەم گوێ لێ بووە، لەو سەردەمەی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشووەوە، کە کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدا- بەشی زمان و ئەدەبی کوردی. بڵاوکراوەی نۆبەرەی دەردەکرد، لەوێوە ئەم ناوە و چەندین ناوی دیکەم پێ ئاشنابوون.... بەڵام بەقەدەر ئەم نوسینەی بەڕێز (دکتۆر کازم حبیب) دڵ و چاوی ڕوون نەکردمەوە.

تاراوگە

## ئێوارەیەک لەگەڵ
## زانا و شاعیر و توێژەری ئەکادیمی کورد
## فریاد فازیل عومەر دا


نوسینی: دکتۆر کازم حبیب

ناسینم بۆ هاوڕێم شاعیر و ئەکادیمی و توێژەر مامۆستا فریاد فازیل عومەر لە بەرلین، ساڵانێکە، نزیکەی بۆ دوو دەیە ئەگەڕێتەوە، کە جارجار لە کۆبوونەوەی کۆچبەرانی عێراقی و کورد یەکترمان ئەبینی، یان لە کۆڕ و بۆنە کەمەکاندا.

بەڵام ناسیاویم بۆ هاوپیشەم، فریاد لە ڕێگەی شیعرەکانی و هەندێ لە کۆڕە تەلەفیزیۆنیەکانیەوە زیاتر بوو.

بەیەکگەیشتنمان سنوردار بوو، بە هۆی سەرقاڵی و زۆریی کارو چالاکیە هزریی و کۆمەڵایەتی و هاوکارییەکانی، سەرەڕای توێژینەوە زانستی و وانە گوتنەوەی لە بەشی زمانە ئێرانیەکان لە زانکۆی ئازاد لە بەرلین و بەشی تایبەتی زمان و ئەدەبی کوردی و سەرقاڵی بە توێژینەوەی زانستیەوە.

پێش چەند ڕۆژێک بە هۆی بانگێشتنێکی بەڕێزیانەوە، بۆ سەردانی ئینستیتووتی خوێندنی کوردی لە بەرلین و بۆ بەشی زمانە ئێرانیەکان لە زانکۆ. بۆنەیەکی جوان بوو بۆ بینینی دەستکەوتە زانستیە فرە و زۆر گرنگەکانی، یەکەم بۆ گەلی کورد و دووەم بۆ ئەڵمان و ئەوانەی کە بە زمانی ئەڵمانی ئەدوێن و بۆ شارەزاییان لە ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردیدا. لەگەڵ ئەوەی هەوڵێکی زۆری داوە بۆ دامەزراندنی ئینستیتووتی خوێندنی کوردیی، کە ڕووبەرێکی فراوانی لە ناوچەیەکی ژیاری لە شاری بەرلین گرتووە.



كاظم حبيب

کە پێک هاتوو لە کتێبخانەیەکی زانستی و ئەدەبی و مێژوویی بە نرخ، تێیدا هەزارەها کتێبی کوردی و عەرەبی و بیانی لەخۆ گرتووە. هەروەها دەستنووسی دەگمەنی زمان و ئەدەب و کەلەپوری کوردی تێدا پارێزراوە.

ئەم شاعیر و توێژەرە زانستیە چالاکیە مەزنەکانی، لە پێنج بواری بنچینەیەیدا ئەنجام ئەدا.

1- مامۆستایەتی زانکۆ و وانە گوتنەوە: بۆ نزیکەی ٣٠ ساڵ دەچێت لە زانکۆی بەرلین، وانە بە خوێندکارانی زمانی کوردی دەڵێتەوە، بە هەردوو شێوەزاری کرمانجی و سۆرانی، لەگەڵ ئەدەب و مێژووی کورد، شایانی باسە خۆی لە زانکۆی بەغداد و بەرلین بەشی زمانە ئێرانیەکانی خوێندووە، هەروەها لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتادا مامۆستا بووە، لە زانکۆی سلێمانی بەشی خوێندنی کوردی.

2- بەردەوام مامۆستای توێژینەوەی زانستی بووە. نزیکەی بیست ساڵ زیاترە، مامۆستا فریاد سەرقاڵی دانانی فەرهەنگی کوردی و ئەڵمانییە، بە هەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی، هەروەها بۆ فەرهەنگی ئەڵمانی و کوردی، توانایەکی زۆری سەرف کردووە تا بەرهەمی هێناون.

ئەم فەرهەنگانەی کە نوسەر بە زمانی کوردی نوسیونی، خزمەتی گەلی کوردستانی پێکردوون، بەوهۆیەوە توانیوێتی، هزری کوردی لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانە ئەورووپییەکان، لە ڕێگەی زمانی ئەڵمانیەوە بگوێزێتەوە.

# زانایانی کورد لە چاوی بێگانەوە

## قەدری زێڕ لای زەڕەنگەرە

پاشماوەی زانایانی کورد لە چاوی بێگانەوە




فەرهەنگەکانی هەریەکەیان، لە سەدهەزار وشە زیاتر پێکهاتوون و بابەتەکانیان بەشێوازێکی زانستی نوێ دارێژراون، کە ئێستا ئەتوانرێت ئەدەبی کوردی بۆ ئەڵمانی پێ وەربگێڕرێت. تازەترین کاری وەرگێرانی توێژەر داستانی کوردی "مەم وزین"ی ئەحمەدی خانی یە، کە چیرۆکێکی مێژوویی ئەڤیندارییە و لە کۆتایی ساڵی 2017 بە ئەڵمانی بلاوئەکرێتەوە، نوسەر هەوڵێکی زۆری داوە ئەم داستانە، وەربگێڕرێتە سەرزمانی ئینگلیزی و ئێستە ئەویش ئامادەی چاپە.


توێژەر شیعرەکانی شاعیری گەورەی کورد و مرۆڤایەتی نەمر (عەبدوڵڵا گۆران)ی وەرگێڕراوەتە، سەر زمانی ئەڵمانی و بەهەردوو زمان و بە هەردوو پیتی عەرەبی-کوردی، لاتینی-کوردی لە چاپێکی جواندا، ساڵی 2016 بلاویکردۆتەوە. هەروەها کتێبی (ئەلفوبێی کوردی) مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵداری سەرلەنوێ دارشتۆتەوە و دەستورێکی پەروەردەیی و رێزمانێکی یەکگرتووی سەرانسەری بۆ داناوە و لە ساڵی 2007 لە کوردستان- وەزارەتی پەروەردە و لە ساڵی 2009 و 2013 لە بەرلین بلاوکراوەتەوە.

توێژەر بەرنامەیەکی چڕوپڕی نوسین و وەرگێڕانی مەزنی، بۆ خۆی دارشتووە تا لە ئایندەیەکی نزیکدا بە ئەنجامیان بگەیەنێ، داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەین.

3- ئەم شاعیرە ناوازەیە، ژمارەیەک دیوانی شیعریی نوێی بە ناوەرۆکێکیی مرۆڤانە و نیشتمانیی بەرز و بە گیانێکی نەتەوەیی دوور لەڕەگەزپەرستی، بەهەناسەیەکی نێونەتەوەیی، بە زمانێکی پاراو و قەشەنگ نوسیوە،خوێنەرچێژێکی پرشادی و ئارامبەخش لە خوێندنەوەیان وەردەگرێت. من خۆم لە کاتی خوێندنەوەیاندا بە زمانی عەرەبی و ئەڵمانی ئەم چێژەم لێوەگرتن. دکتۆر زوهدی داودیش یەکێک لە دیوانە شیعرییەکانی، بە ناونیشانی (هۆنراوە لە غوربەتدا) لە کوردیەوە کردووە بە عەرەبی و ساڵی 1994 بلاوکراوەتەوە. هەروەها دیوانێکی شیعری بەزمانی کوردی و ئەڵمانی بە ناونیشانی (رۆشنایی لە دەنگەوە)، کە لە ساڵی 1988 دا بلاویکردۆتەوە. (دەنگی شیعرە نامۆیەک)، لە ساڵی 1993 و (دەنگ لە بێدەنگیدا) لە ساڵی 1998بە کوردی و ئەڵمانی بلاوی کردونەتەوە. دیوانێکیش بە زمانی فارسی، کە نوسەر عومەری فاروقی لە سەقز وەریگێڕاوە، بە ناونیشانی (دەنگ لە نامۆییەوە) ساڵی 1999 بلاوکراوەتەوە.

لە هۆنراوەیەکی ناوەڕۆک نایابدا، شاعیر فریاد فازیل عومەر، کە رۆمانووس و لێکۆڵەر دکتۆر زهدی داودی ،لە دیوانی (هۆنراوە لە غوربەت)دا بلاویکردۆتەوە و دەڵێ:

لێیان پرسیم:\
چاوت\
یان وڵاتەکەت\
کامیانت زۆرتر خۆش ئەوێت...؟\
وتم:\
چاوم، وڵاتەکەم




هەردووکیانم وەکو یەکتری خۆش ئەوێ،\
بەڵام، ها، بگرە، ئەوە چاو،\
لێگەڕێ با مناڵەکەم\
بە سەربەستی\
لە وڵاتەکەمدابگەڕێت...

4- هەمئاهەنگی و کاری هاوبەش لە نێوان ئینستیتووتی خوێندنی کوردی و ناوەندی توێژینەوە و بەڵگەنامەیی کوردی لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوەوە، گرتنی کۆڕوسیمینار دەربارەی رێکخستنی کاری وەرگێران و بەڵگەنامە و بلاوکراوەی کوردی.

5- دواکاری مامۆستا فریاد فازیل عومەر، کارێکی خۆبەخشانەیە، کە گرنگی پێیدانێکی نایابە، ئەویش داکۆکیکردنە لە گەلانی هەڕەشەلیکراو، ئەو گەلانەی مەترسی کوشتن و چەوساندنەوە و ئاوارەییان لێئەکرێت، بە تایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتووی هەر سێ کیشوەرەکانی (ئاسیا و ئەفریقا و ئەمەریکای لاتینی)، دکتۆر فریاد فازیل عومەر سەرۆکی رێکخراوی داکۆکی لەگەلانی هەڕەشەلیکراو، کە ناوەندەکەی لە شاری گۆتنگنی ئەڵمانیایە، ئەم رێکخراوە لقی لە گەلێک لە وڵاتانی دنیادا هەیە، رێکخراوەکە گۆڤارێک بە ناونیشانی "کۆمەڵکوژی بێتاوانان" "Pogrom" دەرئەکات، کاری رێکخراوەکە زۆر گرنگ و ئاڵۆزە، بەهۆی رۆڵی هاوکاری بۆ بەرەورووبوونەوەی ئەو رژێمە دیکتاتۆر و زاڵمانەی، گەلەکانی خۆیان ئەچەوسێننەوە و ئازادییان پێشێل ئەکەن و کەرامەتیان ئەشکێنن.

شایانی باسە ئەم چالاکییە گرنگانەی مامۆستا فریاد فازیل عومەر و ئینستیتووتی خوێندنی کوردی لە بەرلین ئەنجامیان داون، تا ئێستا لە لایەن هیچ کام لە حکومەتەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسیە دەستەڵاتدارەکانەوە، هاوکاری مادی و مەعنەوی نەکراون.

بەیەکگەیشتنەکەمان لەگەڵ مامۆستا فریاد دا دۆستانە بوو، دەربارەی مەسەلە جیاوازەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و هەرێمی کوردستان بوون، بە تایبەتی لە بواری پەروەردە وفێرکردندا.

# هەموو ساڵێک کورد لە هۆڵەندا بەشداری ڕۆژی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی دەکات



ساڵانە لە سەرەتای مانگی تەموزدا، لە شاری ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندا، فیستفاڵی یادەوەری (*Keti Koti*) کێتی کۆتی سازدەکرێت، کە تایبەتە بە ساڵرۆژی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی(العبودیە).

بۆ نزیکبوونەوە، لە گەلانی ئازادیخواز و بەشداری لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانی میللەتانی دنیا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەگشتی و ڕێکخراوە کوردییەکان بە تایبەتی بەشداری خۆشی گەلی سورینام دەکەن.

کیتی کۆتی جەژنێکی سونەتی سورینامیەکانە، کە هەموو ساڵێک لە یەکەم ڕۆژی مانگی تەمووزدا بۆ یادی لە گۆڕنانی یاسا و تەوقی کۆیلایەتی و هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستەمە ساڵانە ڤیستفاڵی گەورەی بۆ سازدەکەن، کە سورینامیەکان خۆیان بە(ڕۆژی ئازادی) وڵاتەکەیان لە هۆڵەندا ناوی دەبەن.

ئەم یادەوەریە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە بە ڕەگەز لە باپیرانیانەوە دەگەنەوە سەر بنەچەی کۆیلەکان، ئەم یادە بە جەژن و بە ڕۆژی ئازادی خۆیان دەزانن.






لە 1863-07-01دا کۆڵۆنیالیزمی هۆڵەندا، سیستەمی کۆیلایەتی لە وڵاتی سورینام و نیوەدورگەی ئەنتیلی هۆڵەندا هەڵوەشاندەوە، لە 1975-02-25 دا کۆماری سورینام ئازادی خۆی وەرگرتووە.

ڕووبەری ئەم نیوەدوەگەیە 163،820 کم $^2$ و درێژی کەنارەکانی سەر دەریایی 386 کیلومەترە و یەکێک بووە لەو وڵاتانەی چەندین سەدە لە لایەن هۆڵەنداوە داگیرکراوە.

سورینام دەکەوێتە سەر کەناری باکوڕی ڕۆژهەڵاتی ئەمەریکای باشور، لە ڕۆژهەڵاتیەوە گویان-ی فەڕەنسی، لە ڕۆژئاواوە گویان-ی بەریتانی، لە باشوریەوە بەرازیل و لە باکوڕەوە ئۆقیانوسی ئەتڵەسییە. لە یەکی تەموزی ساڵی 1863 ەوە، کۆڵۆنیالیزمی هۆڵەندی سیستەمی کۆیلایەتی لەسەر نزیکەی 40،000 هەزار (ئەفریقایی)، کۆیلەی دانیشتوانی وڵاتی سورینام هەڵوەشاندەوە، کە دەیەها ساڵ دەبوو قورسترین کاری ناو کێڵگە کشتوکاڵیەکانی پێدەکردن، لە ڕۆژی ئازادکردنیانەوە سورینامیەکان، ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژی سەربەستی و پشوی فەرمی خۆیان تۆمارکردوە.

لە یەکی تەمووزی ساڵی 2009 یشەوە لە زۆربەی کڵێسەکانی ئەمستردام لە هۆڵەندا، فیستیفاڵی کیتی کۆتی ئەنجام دەدرێت، هەروەها لە یەکی تەمووزی ساڵی 2002 دا بۆ ڕێزلێنان لەم ئازادیە پەردە لەسەر پەیکەری نیشتمانی یادەوەری هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە شاری ئەمستردام لادرا.

ڕێکخراوە کوردیەکان لە هۆڵەندە، هەمیشە بۆ نزیکبوونەوە، لە گەلانی ئازادیخواز و بەشداری لە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانی میللەتانی دنیا، بەشداری بۆنە نیشتمانیەکانیان دەکەن، بۆ ناساندنی خەبات و قوربانیەکانی گەلی کورد بەو میللەتانە و دروستکردنی پردی پەیوەندی و ئاشنایەتی و دۆستایەتیەکی پتەو، ئەمساڵیش بەڕێز کاک ئاواتی حەمەی دەروێش کەریم بە جلی کوردییەوە بەشداری کردن.

# دەزگایەکی دیکەی چاپ و بڵاوکردنەوەیان لە ئەمستردام دامەزراندووە، بە ناوی شاعیری ناسراوی کوردی سەدەی هەڤدەهەم (ئەحمەدی خانی)یەوە

زۆربەی شوێنەوارە مێژووییە دێرینەکانی شاری وێران کرد، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانەکەی بە خەڵکی سڤیل و جەنگاوەرەوە کوژران.

کاوە نەمر زۆربەی ئەو قوربانیانەی دەناسی و هەندێکیان خوێندکاری بوون لە زانکۆ و زمانی کوردیی پێ دەگوتنەوە و ئامادەی کتێبخانە سەرەکییەکەی دەبوون و یارمەتی دەدان لە وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان، یەکێک لەوانە دەکرا ببێت بە شاعیرێکی مەزن بەڵام کوژرا.

ئەمە کاوەی گێڕایەوە بۆ ساڵانی نەوەدەکان، کاتێ دوو ڕێگەی هاتە بەردەم یان دەبێ ڕوو لە جیا بکات یان بمێنێتەوە..؟ گەلێک لەوانەی دەیناسین کوژران، ئەم بڕیاریدا لە شاردا بمێنێتەوە.

پێش جەنگی شارەکان، ئەو خەڵکانەی بە زۆری سەردانی دەزگاکەی ئەمان دەکرد بۆ کتێب کڕین، (لاس کورمانجی لە پێناوی ژیاندا)، کە ناوی گوڵێکیشە لە زاراوەیەکی دیکەی کوردیدا، وردە وردە سەردانەکانیان کەمکردەوە، کاوە دڵی مەترسی لە لایەن دەوڵەتەوە، لەسەر ژیانم دروست بوو، ڕۆژێک ماوۆستایەکی گەنج هات بۆ لام، ساڵانی پێشتر چەندین کتێبی لا کڕی بووم، هەموویانی بۆ هێنامەوە، چونکە دۆسیەیەکی سیاسی دادگایان دژی کردبوو، ئەویش دەترسا ئەو کتێبانە لە ماڵەکەیدا بن، ڕەنگە دژی بەکار بهێنرێن.

هەوڵی کۆدێتا سەرنەگرتووەکەی تەموزی ٢٠١٦ بەجارێ بارودۆخی شێواند، ئەوکەسانەی گومانیان لێ دەکرا کە پەیوەندیان بە پیلانگێڕی ئەو کودەتایەوە هەبووە، یان سەربە بزوتنەوەی سیاسی و چەکداری و نەتەوەیی کورد بوون، مەترسی گرتن یان دەرکردنیان لە کارەکانیان هەبوو، بۆیە بوونی کتێبی کوردی لە ماڵدا، یان لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کوردیدا ترسناک بوو.

بە پێچەوانەوە دەزگای بڵاوکردنەوەی ئارام و Lîs هەر بە تەنها و بە شێوەیەکی دووبارە هێرشێ نەکراوەتە سەر و کتێبەکانی دەستیان بەسەردا نەگیراوە، بەڵکو ترسو تۆقاندن بەرانبەر خودی کاوە نەمر بەکارهێنراوە، زۆرجار بەهۆی پیاوانی پۆلیسەوە، کە جلی مەدەنیان لەبەر کردووە و لەسەر شەقامەکان چاودێریان کردووە. هەر لە ئۆکتۆبەری 2017 دوە، بە بەندکردن و دەستگیرکردنی پیاوی خاوەنکاری تورکی و چالاکوانی کۆمەڵایەتی عوسمان کافالا، پرۆژەکانی بڵاوکردنەوە و وەرگێڕان لە کار وەستان و هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕێکخراوەناحکومییەکان لە ئەوروپا پچڕان، کە سپۆنسەری دەزگای بڵاوکردنەوەی (لایس)یان دەکرد.

کاوە کوردستان بەجێهێشت سەرەتا ڕووی کردە ماردین، کە سەعارێک لە خواروو دیاربەکرەوەیە، بۆ ئەوەی کەمێک هەست بە ئارامی بکات، بۆئەوەی بەردەوام بێت لە کارەکانی، بەڵام وەک زۆربەی خەڵکانی دیکە نەیدەتوانی و هەرگیز بە باشی نەدەنوست، لە چاوەڕوانی ئەوەدا بوو، بدەن بەسەریدا و بیگرن، بە کردەوە ئەمە ڕوویدا، ڕۆژێکیان سەعات پێنجی بەرەبیان بۆ گرتنی ئەم نا، بەڵکو لە نزیکی ماڵەکەیەوە هاتبوون بۆ گرتنی دوو خوێندکاری دیکە، کە لەنهۆمی سەروو ماڵەکەی ئەمەوە دەژیان، لە دەرگای ماڵەکەی ئەمیاندا و ئەم هاواری کرد بووەستن دەرگاتان لێ دەکەمەوە، چی ببینی لولەی تفەنگانیان لەسەرسەری خۆی بینی.. پۆلیسەکان هاواریان لێ کرد دەرگاکە دابخاتەوە و بچێتەوە ژوورەوە.

ئەمانە وایان کرد کاوە هەست بکات دەبێ وڵات بە جێبهێڵێت و جانتای پێچایەوە و هەندێ کتێب و جلەکانی تێکرد و ڕووی کردە ئەستەمبوڵ و لە کونسوڵی هۆڵەندی فیزەی گەشتیاری وەرگرت.

## تا ئێستا کتێبخانە مەزنەکەی کاوە لە ئەپارتمانەکەیدا لە ماردین ماوە




بە خۆی گوت نامەوێ پاشماوەی ژیانم لە بەندیخانەدا بەسەربەرم، کەس یەمەی ناوێت و کەس ناتوانێت کارەکانی لە بەندێتدا ئەنجام بدات، من کەسێکی جدیم و ئەمەوێ بەشداری بکەم.

کاوە لە ئەمستردام لەگەڵ هاوڕێ کوردەکانی دیکەیدا، دەزگایەکی دیکەی چاپ و بڵاوکردنەوەیان دامەزراندووە، بە ناوی شاعیری ناسراوی کوردی سەدەی هەڤدەهەم (ئەحمەدی خانی)یەوە، ئەگەر نەتوانێ بگەڕێتەوە کوردستان، ئەوا ئەمستردام دەبێتە ناوەندی بڵاوکردنەوەی کوردی و کۆکردنەوەی هاوکاری و کۆمەک و لەوێوە پەیوەندی بە وەرگێڕەکانەوە دەکات لە هەموو سوچێکی دنیاوە، کاوە سەردانی ئینستویتی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە پاریس کردووە، کە سەربە زانکۆی سۆربۆنە و لەوێ بە شوێن ئەو خوێندکارانەدا گەڕاوە کە ئارەزووی فێربوون و وەرگێڕانیان هەیە.

دەزگای ئەدەبی ژێرزەمین، لەگەڵ دەزگای ئانا فرانکدا توانیان، ڤیزەی مانەوەی لە هۆڵەندەدا بۆ درێژبکەنەوە و ئێستا لە هەوڵی ئەوەدایە لە دەزگایەکی دیکە کورسیەکی خوێندن وەربگرێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە هۆڵەندا بمێنێتەوە.

تا ئێستا کتێبخانە فراوانەکەی نەمر لە ئەپارتمانەکەیدا لە ماردین ماوە و کرێی شوێنەکەدا دەدا، هاوڕێکانی سەرۆکاری بۆدەکەن و ئەگەر پێویستی بە کتێبێک یان سەرچاوەیەک بێت، لە ڕێگەی ئەو هاوڕێیانەوە کە گەشت دەکەن پێی دەگەیەنن.

نەمر دەڵێ من ناتوانم ڕۆژانە بە کوردی بدوێم، من بیری ئەوە دەکەم، کە ونمکردووە، کتێب دەخوێنمەوە بەدەنگی بەرز و بە دڵ دەیخوێنمەوە.

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد





**هونەرمەند خالید ڕە سوڵ**

– ساڵی ١٩٥٦ لە سلێمانی لە دایک بووە.

–لە ناوەڕاستی هەفتاکانی سەدەی ڕابووردووە وە خەریکی کاری هونەرییە.

– پیشانگە تایبەت و هاوبەشەکانی لە سلێمانی و هەولێر و بەغدا و بەسرە و پێنجوین و هەڵەبجە کردۆتەوە.

– بەشداری پیشانگەی گروپی هونەرمەندە کوردەکانی لە لەندەن و کەنەدا و ئەڵمانیا کردووە.

– لە ساڵی ١٩٩٦ ەوە لە هۆڵەندا ئەژی و لە زۆر لە شارەکانی ئەوێ پیشانگەی تایبەت و هاوبەشی کردۆتەوە.

– لە زۆر چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری جۆراوجۆر لە هۆڵەندا بەشداری کردووە، لە ناویاندا چالاکیەکانی یانەی کوردی "میدیـــا".

– لە هەرێمی زەیلاند لە هۆڵەندا چوارساڵ بەشداری پرۆژەی هونەری (لێرە و لە وێ)ی لەگەڵ هونەرمەندە هۆڵەندی و بیانییەکان کردووە.


تـــاراوگـــە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە،
بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاوئەبێتەوە

TARAWGA



E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807